# وتی :- حـەوایەک نیە کوڕێکی گەیویی خۆشبوێ !؟

شیعری :
حەمەشوان شەریف

121104

وتی
منم پیرترین دەرەختی ئەم وەرزە بـاڵـوەریوانـە
منم نیگاکانم سێبەرێکت بوو بەپێوە وەستاو
خەمناک دەیڕوانی و دور دور هەر نەگەیشتە دڵی چەمت
پێش تۆ خۆڵەمێشێکی کۆکراوە بووم و * بـــا
لە ڕوخساری دەنگێکی هەڵدەسویم
تاوێک دەبووم بەپەیکەیێک
دەمێک دەبووم بەهەورێک و بەئاستەمیش نەدەباریم -
دڵم سندوقێکی پۆست بوو خاڵی لەڕق و بەتاڵ لە نامەو
پڕ پڕ لە مەراق و ڕژاو لە بینین .
وتی :-
سەرم گوێزێکی گەیوو بوو بۆ بەهەشتی ئەوینێک
بەداخەوە گەنیو و بەدرەختەوە
تا ئێستاش دەلەرێتەوە و نەوەریوە !
چا کوا !؟ حەوایەک کوڕێکی گەیویی ئەوێ و بەسێبەریەوە دەنووسێ و
سەرمایی نابێ بەنەبونیی و
شتێ ناڵێ تابەیانی تلت پێنەدا بۆ باوەشی نائومێدی
چا کوا !؟ تۆ لە تەلاری ئەوینم
سەرخەوێکت شکاندوەو ئاوی دڵمت خواردۆتەوە
تۆ
تـــا کەلاوەی سامان و ئەوینی زڕ و ڕیشی پێکەنین وێسابێ
کوا لەماڵی مندا قومێ ماچت داوە بەمن
کوانێ ؟ بەرداخێ پێکەنینت بەگەرمیوە بۆهێناوم
کوایی ؟ بۆ لەدوامەوە لەشی ڕژاو و دڵی وەریوم ناخەیتە بەرجینەیەکەوە
بۆ ؟ لەئاسمانێکی ڕەش داگەڕاودا چاویلکەکەشمت بەدیاری برد .
بۆ ؟ ئەوەندەش من بیری لێدەکەمەوە !؛!
کە تۆ تۆزی ژووانێکم نەتەکێنی !!:-
هەرئێستا
دەستم لقی گێلاسە و هەناسەم شوشەیەکە پڕ لە هەڵم
چاوم لەبنی دووفنجانەی قاوەیەکی بەجێماو ئەچێ
خۆم دەبمە قەرەچ ی و هەر خۆم ڕانەبردوی خۆمی تیا دەخوێنمەوە
کەچۆن لەئایندەدا پێم خاوسدەبێ
بەسەر پشکۆ ساردەکانی بێداڵدەیم و

بەسەر چاوی ئێوارەیەکەوە
ورە ورد دەتوێمەوە و لە ئاونگێکیش ناچم
لەکاتی توانەوەمدا بۆ ڕووانین .

بەتۆ چی ! –
لەسەر پشتم گوڵێ دەڕوێ و لەموشتما تۆزێ خۆڵ و
لەیاداشتما شێرە بەفرینەیەکی نەتواوەو
لەخەونیشما دارستانێ شیعری نەشکاوە و
لەکۆڵانما دارترێیەکی سور ڕواوە بۆ شەرابی سەبوریم
بەنێخەمدا هەڵواسراوە و لێینوسراوە
نۆبڵی برد لە ئەویندا .
جا بەتۆچی ؟
ئێوارەیەک تێکەڵاوی هەورێکدەبم ئەویش وەک تۆ
دڵی دێ من بکاتە باڵای هەڵم
بەڵام من ناتوانم ئەو هەڵمژم . با ئەو من بکا بە بـــاران
ئەی هاوڕێ گیان بەر لەوەی تۆ پێبزانی
وەک پەپوولە لەسەرلێوی وێنەکەی ئەو دەنیشمەوە
بەم ئێوارە
هەر بەڕێکەوت تۆ خەریکی برینی تاڵەسپیەکانی سەرمبە
منیش بۆخۆم واخەریکە لەنێو دولێوی ئەستووری ئەودا
باڵەکانم پێوەدەبێ و دەمباتەوە بۆ بینینی
یەکەم بینین ....

ئەم جارەش بەدەنگێکی تێکشکاوەوە وتیەوە :-
حەوایەک نیە کوڕێکی گەیویی خۆشبوێ ...؟!

Hamashwan1@hotmail.com